منداڵپارێزی کوردستان
Kurdistan Save the Children Children's Fund

# بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی منداڵپارێزی کوردستان

**سلێمانی/ عێراق: ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان داوای بەدواداچوونی خێرا دەکات بۆ ئەو کارەساتە مرۆییەی لە ڕۆژئاوا ڕوودەدات**

**بەهۆی جەنگ و ململانێ بەردەوامەکان زیاتر لە ٣٠٠،٠٠٠ کەس ئاوارەبوون، پەنابەرانی حەلەب و ناوچەکانی دەوروبەری بە لێشاو پەنا دەبەنە بەر سەرچاوە ناوخۆییەکان و پەناگەکان.**

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان – بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی


٤ کانونی یەکەم ٢٠٢٤

کارەساتێکی مرۆیی گەورە لە ناوچە کوردنشینەکان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕوودەدات، زیاتر لە ٣٠٠،٠٠٠ هاونیشتمانی ئاوارە بوون و زۆرینەیان ژن و منداڵن کە لە توندوتیژییەکانی ئەم دواییانەی باکوری ڕۆژئاوای ئەلشەهبا هەڵهاتوون.

لێشاوی بەردەوامی پەنابەران لە حەلەب و ناوچەکانی دەوروبەری بووەتە هۆی کەمی پێداویستی وخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، هەر بۆیە زۆرێک لە خێزانەکان دەستیان ڕاناگات بە خۆراک و خزمەتگوزاری پزیشکی و شوێنی مانەوە.

لە وەڵامدا ئیدارەی خۆسەری کوردی لە باکوور ورۆژهەڵاتی سوریا، ئامادەییان پیشاندا بۆ بەهاناوەچوونی لێشاوی ئاوارەکانی ناوخۆ کە لە خاڵی سنوری تەبچ هانایان بۆ دەهێنن.

کارمەندێکی مرۆیی ڕایگەیاند" هێزە چەکدارەکان دەستیانگرتووە بەسەر هەموو ناوچەکانی ئەلشەهبا و حەلەب. لە ئێستادا بەهیچ شێوەیەک ناتوانین بچین بۆ ئەو ناوچانە و نازانین بارودۆخەکە چی لێدێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا. ئێمە ئامادەکاریمان کردووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فریاگوزاری بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەی ناوخۆیی کە دەیانەوێت بێن بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا لە ڕێگەی خاڵی سنووری تەبچ.




پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیڵ: press@ksc-kcf.org

ئەو کارمەندە مرۆییەی کە ناتوانین ئاماژە بە ناوی بدەین پێی ڕاگەیاندین کە لە ئێستادا ئەوان ژیانیان بە تەواوی لەمەترسیدایە. بەداخەوە ئەو خانووانەی کە بە هاوکاری هەڵمەتی "هاوخەمتانین" لە ناوچەی ئەلشەهبا دروست کرا بۆ هاوکاری کردنی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی ساڵی ٢٠٢٣ بەهۆی هێرشی هێزە چەکدارەکانەوە بە تەواوی وێرانکراون.

"هاوخەمتانین" کەمپەینێکی هاوبەشی چەند ڕێکخراوێک بوو هەر وەک ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان و ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت.

لە ئێستادا، بەهۆی وەرزی سارد و سەرما  خێزانە ئاوارەکان خوێندنگە و مزگەوتەکانیان کردووە بە پەناگەیەک بۆ خۆیان هەروەها پێداویستییەسەرەتاییەکان بەردەست نین. داخستنی دەروازەی خاڵە سنورییەکان وەک دەروازەی یەعروبیە (تەلکۆچەر) بووەتە بەربەستێکی گەورە بۆ ڕێگری کردن لە گەیشتنی هاوکارییە مرۆییەکان.

خاتوو سارا ڕەشید، سەرۆکی ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان دەڵێت: "ئەمە کارەساتێکی مرۆیی یەکجار گەورەیە". و ئاماژەی بەوەشکرد کە: "دۆخەکە گەیشتوەتە خاڵێکی هەستیار، بەردەستبوونی  پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک خۆراک و ئاو و چاودێری پزیشکی لە ئێستاوە کەمە. قەیرانەکانی ئەم ماوەیە تەنها بووەتە هۆی زیاتر سەختکردنی بارودۆخەکە، هەر لەخۆیدا فشارەکانی ئەم دواییانە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی پێویستییەکان و خزمەتگوزارییەکان. دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی دیپلۆماسی بەپەلە دەکەین بۆ کردنەوەی خاڵە سنورییەکان بۆ ئەوەی هاوکارییە مرۆییەکان تێپەڕبن. تەنها لە ڕێگەی هەماهەنگی کردن دەتوانین ڕێگربین لە ئازارچەشتنی زیاتری ئەم خەڵکە لێقەوماوە."

هەروەها جەختی کردەوە لە گرنگی هاوکاری کردن و پاراستنی مندالان کە ڕەنگە زۆرێکیان بەتەنیا بن و کەس نەبێت چاودێریان بکات کە ئەمەش وادەکات لەم بارودۆخەدا زیاتر لە مەترسیدا بن.

و ڕایگەیاند: " لەم بارودۆخە سەختانەدا زۆر گرنگە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی پابەند بێت بە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەت مافەکانی مندالان. مندالان لەم کارەساتەدا بێدەستەلاتن و دەبێت دڵنیاببینەوە لەوەی لە کاتی گەیشتنی هاوکارییەکان بێبەش نابن و دەپارێزرێن."



ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، داوا لە دەزگا و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان دەکات بۆ کۆکردنەوەی پێداویستی بە زووترین کات، و دڵنیابن لەوەی کە پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خواردن و دەرمان و پەناگە دابیندەکرێت بۆ منداڵان بێ دواکەوتن.

گرنگترین فریاگوزارییەکان:

١- پێویستە بەپەلە ڕێوشوێنی دیپلۆماسی بگیرێتەبەر بۆ کردنەوەی دەروازە سنوورییەکان، بە مەبەستی گەیاندنی کۆمەک بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

٢- دەبێت بە زوترین کات ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ دابینکردنی خۆراک و شوێنی حەوانەوە و پێداویستی پزیشکی بۆ منداڵانی ئاوارە و خێزانەکانیان.

٣- هەماهەنگی کردن بۆ وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کارەساتە مرۆییە و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی.

### دەربارەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات .

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی منداڵ، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.

ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، و پەروەردەی .

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

**بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:** press@ksc-kcf.org

**سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:**

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ‎+٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیـــڵ: press@ksc-kcf.org